# تەقاندنەوەی بۆمب مراندنی بزوتنەوەی جەماوەرییە

**ناسری ئەمینزاد**

لە ماوەی چەند رۆژی ڕابردوودا تەقاندنەوەی چەند بۆمبێک شاری دیاربەکری هەژاند. تا ئێستا وێڕای زەرەروزیانێکی زۆری ماددی، کوژرانی دەکەس و برینداربوونی سەتوبیست کەسی لێ کەوتۆتەوە. ئەم "کارەساتە" مەیدانێکی بەرفراوانی کردۆتەوە بۆ تەبلیغاتی ریاکارانەی دەسەڵاتدارانی کۆنەپارێز و ژنراڵەکانی ئەرتەشی فراوانخوازی تورکیە تا بە کەیفی خۆیان فرمێسکی درۆینە بۆ خەڵکی سڤیل و بێتاوانی ئەو شارە و قوربانییەکانی ئەو رووداوە هەڵوەرێنن و " بێبەزەییەتی ترۆریستەکان" بە میدیای جیهانی نیشان بدەن. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکە بۆتە هۆی سەرسوڕمانی خەڵک، لەگەڵ ئەوەشدا شەپۆلێکی بێزاری و رق و نیگەرانی لە کوردستان بە گشتی و دانیشتوانی ئەو شارە بەتایبەتی بە دوای خۆیدا هێناوە.

لەم نێوانەدا زۆرتر قامکی تاوان بۆ پ.ک.ک راکێشرا. ئەم رێکخراوەیە پاش یەک دوو رۆژ بێدەنگی لە زمانی "بوزان تەکین" رایگەیاند «ئەم چالاکییە بە پلانی ناوەندەکەمان ئەنجام نەدراوە، بەڵکو لە لایەن تیمەکانی شار و بە دەستپێشخەری ئەوان بەڕێوە چووە». پاشان وتی: «هەر کەس دەبێ ئەوە بزانێت کە ئەو چالاکییە وەک کاردانەوەیەک دژ بە پەلامارەکانی دەوڵەتی تورکیە بۆ سەر گەلی کورد ئەنجام دراوە»، دواتر لێبوردنی لە خەڵکی ئەو شارە خواست و سەرەخۆشی لە بنەماڵەی کوژراوە سڤیلەکان کرد. کەس نازانێ ئەگەر ئەم چالاکییە شۆڕشگێڕانەیە و بۆ بەرگری لە خەڵکی کوردە و ئەم خەڵکەش بەوە دەزانێ ئیتر چ جای لێبوردەیی خوازتنە!

گومان لەوەدا نیە کە ئەمە روداوێکی تاڵ و کردەوەیەکی کارەساتبارە بۆ بزوتنەوەی رەوا و عادڵانەی خەڵکی ستەملێکراوی کورد. تاڵتر لەوەش ئەو "داوای لێبوردنەیە"، تۆمەز خەڵکی کوردستان و بزوتنەوەکەی مەیدانی تاقیکردنەوەی کەفهەڵخراندنەکان و کرداری هەڵنەسەنگێندراوی چەند شانەیەکی لێرەولەوێیە.  ئەمە نەک نیشانەی هەست بە بەرپرسیارەتی کردن و دڵکراوەیی نیە، بەڵکو گاڵتەکردنە بە کۆمەڵانی خەڵک، نێشانەیە بۆ بێسەرەوبەرەیی و بێ هیوایی، نیشانەیە بۆ نەبوونی تاکتیک و ستراتژیی بەرچاوڕونانە و بڕوا نەبون و متمانەنەکردنە بە بزوتنەوەی جەماوەری، نیشانەیە بۆ ئەوەی کە هەلسوڕێنەرەکان و چالاکوانان بۆخۆشیان نازانن چییان گەرەکە و بە تەمای چین و دەبێ چۆن  بجوڵێنەوە. بەداخەوە ئەم هەڵسوکەوتە نەک قازانجی گەلی تێدا نیە، بەڵکو زەبری قورس لە ورە و بزوتنەوەکەشی دەسرەوێنێ. ئەمە کایەکردنە لە مەیدانێک کە دوژمن دیاری کردووە و پێیخۆشە و قازانجی ئەوانی تێدایە و دوکەڵەکەشی دەچێتەوە چاوی بزوتنەوەی جەماوەری و بە لارێیدا دەبا.

رێنوێنیدەران و تەقێنەران دەتوانن ئیدعا بکەن کە ئەمە کاردانەوەیەکی دژ بە پەلامارەکانی دەوڵەتی تورکیە بۆسەر گەلی کوردە. بەڵی راستە، ئەمەش بۆخۆی دژکردەوەیەکە. بەڵام کاردانەوەیەکی نەشیاوی ناوردبینانە، کاردانەوەیەکە کە تەنیا دەتوانێ چاوڕاو و فریوکارییەکانی دەزگا تەبلیغییەکانی ئەو دەوڵەتە بسەلمێنێ کە ئیدعا دەکەن کێشەی ئەو وڵاتە لەگەڵ "تروریستەکانی دابڕاو لە خەڵکە نەک جەماوەر. کاردانەوەیەکە کە خەڵک دەنێرێتەوە ماڵەکانی خۆیان و گۆیا بە تەمایە ئەرکی قورسی سەرکەوتن بخاتەسەر شانی چەند دەستەیەکی چەکدار، کاردانەوەیەکە کە دەستی ئەرتەش و کاربەدەستانی کۆنەپارێزی ئەو وڵاتە بۆ پەلاماری هەرچی زیاتری خەڵک بۆ نانەوەی فەزای تۆقان و دڵەڕاوکێ ئاوەڵە دەکات و گەڕان و پشکنیی شانزە رۆژەی ماڵ بە ماڵ لەو شارەی بە دوای خۆیدا هێنا. ئەمە "دیارییەک" بوو بۆ «عەبدوڵلا گۆل» و هاوکات لەگەڵ سەفەرەکەی بۆ ئەمریکا هەتا لەوێ خۆی پێوە ڕابنێ و مەزلومنوێنی پێوە بکات.

ئەمە ڕازێکی سەربەمۆر نیە و بۆ ڕاستی و ناڕاستی هەر لێکدانەوەیەک و شۆڕشگێڕانە بون یان نەبونی هەر کرگار و هەڵسوڕانێکی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی تەنیا خواست و نیازی "خێرخوازنەی" کەسەکان بەس نین و کار تەنیا بە ئیرادە و ویستی ئەوان ناچێتە پێش. گرینگ ئەوەیە کە ئەو کرگار و هەڵسوڕانە چ ئەنجام و ئاسەوارێکیان هەیە و دەبێ لە وڵام بەو پرسیارەدا هەڵسەنگێندرێ کە تا چ ڕادەیەک یارمەتی بە ڕەوتی بەرەوپێشەوەچوونی ڕەورەوەی گەشە و پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە هەر کۆمەڵگایەک دەدا و داخوا هەنگاوێکن بۆ پێشەوە یان شەقاوێکن بۆ دواوە. گەلێکجار هەڵوێست و کردەوەی وا هەن کە هەموو رواڵەتێکی "شۆڕشگێڕانە"شیان پێوە دیارە بەڵام  بە

پێچەوانەی ویست و خواستی ئەنجامدەرەکانی لە دژی خۆی هەڵگەڕاوەتەوە. بەتایبەت ئەمە کاتێک دەبیندرێ کە وردەکارییەکانی هەلومەرجی راستەقینە و هەموو لایەنەکانی نەخرێنە بەرچاو و بە دانستە و بە گولبژێر کردن مامەڵەیان لە گەڵدا بکرێ.

ئەمرۆ هەمو ڕاستییەکان و هەلومەرجی  کوردستان بە گشتی و کوردستانی ژێر دەسەڵاتی تورکیە بە تایبەتی و ئەو بارودۆخەی کە ئێستا بە شوێن هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیە هاتۆتە ئاراوە، نیشانی دەدەن کە تەقاندنەوەی لەو چەشنە سەممی کوشەندەیە بۆ بزوتنەوەی جەماوەری و سەرکەوتنەکەی. دەبێ هەموو هەوڵ و تەقەلایەک بەکار بگیردرێ بۆ دوورکەوتنەوە لەو ئاکار و کردەوانە. ئەمڕۆ هاتنە مەیدانی جەماوەری و هاندانی کۆمەڵانی هەروای خەڵک بۆ رژانە ناو کۆلان و شەقامەکان، بۆ خۆپیشاندانی بەردەوامی هەزاران هەزار کەسی لە هەموو گۆشە و کەنارێکی ئەم وڵاتە یەخسیرکراوە دەرمانێکی سەرەکی و رێگایەکی قایم و دڵنیاییهێنەرە بۆ دەربازبون لەو دژوارییانەی کە هاتونەتە سەر رێ. ئاسۆی سەرکەوتن تەنیا لەو رۆژنەوە دەردەکەوێ.

٢٠٠٨ / ١ / ٨